بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆک

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠٠٩

یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٨ ) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

## یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ زیادکراوە، برگەیەکی ، بەزنجیرەی ( پێنجەم)، وەک ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

پێنجەم: لەحالەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (٩٠) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنەپەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان . عێراق

**هەولێر**

٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی
٨/ ذي القعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی
٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی